


حوسێن زێرینگەران (فروهەر)



قاسمی قادریی قازی



عەبدولرەحمان زەبیحی



مەلا عەبدوڵڵا حەجۆکێ داودی



محەممەد دڵشاد ڕەسووڵی




محەممەد نانەوازادە

ژی — J.K — کاف



مەلا قادری مودەڕەسی



سەدیق حەیدەری فاروقی



عەبدولرەحمان ئیمامی ئەقدەم



نەجمەدین توحیدی



محەممەد یاهوو

## دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ - ک)

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ( ژ - ک )

خەرمانانی ٢٧١١

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

ئاگوستی ٢٠١١

## شانازی بە ناوت دەکەم گەلاوێژ!





بیژەن قارەمانی

لە گەرمەی ئالوگورەکان و ئالوزیکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە میانەی شەڕی یەکەم و دوهەمی جیهانی داو بە دەوڵەت بوونی بەشێک لە گەلانی ژێر دست و چەوساوەی دنیا و هەرس هێنانی زۆربەی شورشەکانی گەلی کورد لە کوردستان دا، لاوانی ناوچەی موکریان لە مێشە باغەکانی "باغی میکائیل"ی مەهاباد بە هەستی پیرۆزی کوردایەتی، بناغەی کۆمەڵەیٔ ژ- ک دامەزراند کە لە دەرفەت دگەڕان بو قوستنەوەی هەلی لەبار تا کیانیکی کوردی لە بوشایی دەسەڵاتی مەرکەزی و بوونی هێزەکانی دەرەکی سەقام گیر کەن.


کۆمەڵەی ژ- ک کە پێک هاتبوو لە روناکبیران و جێابیرانی چەپی ئەو کاتی کۆمەلگای داخراوی کوردستان کە مافە نەتەوایتیان لە سەروی ئامانجەکانیان بو. ئەوەش بە مانای نەگونجاوی لە گەڵ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلگای ئەو کاتی کوردستان بو کە کۆمەلگایکی داخراو و داسپاوەی بیری عەشایری و شیخ و .... بوو لە گەڵ بێری چەپ و نەتەوایتی دا نەبوون ئاویان بە جوگەێک دا نەدەروێشت ! وەزعی ناوچەی رۆژهەڵات و بوونی هیزەکانی دەرەکی لە ناوچەکە و نەبوونی دەسەڵاتی مەرکزی لە کوردستان ئەنـدامانی ک- ژ هێنایە سەر ئەو باوەرە کە بکەونە کردەوەی عەملی و دەرکەوتن لە بازنەی سیاسەت و دەسەڵات ، ئەوەش کۆمەلێک فاکتەری سەرەکی پێویست بوو کە ک- ژ دەبوو خۆیانی بۆ ئامادە کا تا هەل لە دەست نەدا و دەرفەت بقوزەتەوە لە مێشە باغەکان بۆ شارەکان . بە هاتنی پێشەوا قازی مەحمەد بۆ ناو ک- ژ و سەروکایتی کردنی ئەم کۆمەڵەی قۆناغێکی تازە لە خەباتی گەلی کورد دەستی پێ کرد ک- ژ بو بە جێگایی متمانە و باوەڕی زۆرێنەی خەلکی کوردستان تەنانەت بەشەکانی تری کوردستانێش بە سەروکایتی پێشەوا لە ناو کۆمەلە و داهاتوی کۆمەڵە دا گەشبێن بوون .پێشەوا بە تەنیا هەموو تایبەتمەندی رێبەریکی نەتەوەی لە 65 سال بەر لە ئێستای دا لە خۆی گرتبو کە شک و گۆمانی بۆ هیچ لایێک نەهێشتبووە .پێشەوا عالمی دێنی بو ، دادوەر بو ، زانای سیاسی و کۆمەڵایتی بو ، کەسایتی بەرچاوەی کۆمەلاگای کوردستان بو ، روناکبیران و نەتەوە وێستەکان باوەڕیان پێ هێنابوو ، شار نەشێنەکان باوەڕیان پێ بو کەسایتی بەرچاو و دیاری سەردەمی خۆی بوو ، لادی و گوندی لە کاتی لە قەومان دا جێگایی هاوار و پنایان بوو ، عەشایر و شیخ و مەلا "" دیوەخان ، تکیە ، خانەقا و مەزگەوت""

لە سەروی خۆیانیان دەدیت ، پێشەوا شارەزاە بە چەندین زەمان و ئاشنا بە سیاسەتی رۆژ بو ، بە کوردی و بە کورتی پێشەوا قازی " گاندی "زەمانی خۆی بو بۆ کورد ! پێوندەکانی کۆمەڵەی ژ - ک لە روی سیاسی لە دەرەوەی کوردستان یا لە روی حەزوری هێزەکانی داگیر کر لە ناوچەکە دا و بوونی کەسیکی وەک پێشەوا لە رێبەرایتی ک- ژ ئەو کۆمەڵەی هێنا ناو بازنەی ئالوگورەکانی ناوچە و قوناغی دیالوگ و دیپلماسی بە دیاری بۆ هێنا چە لە گەڵ دەسەڵاتی مرکزی و چە لە گەڵ یەکیتی سوڤێەت ، ئازەربایجان و.......... . سەرجەمی ئەو ئالوگورانە لە ناوچەکەدا و شێوەی پێوندیکان و گورێنەوەی بیرو رای لایێنەکان و تائسیری ڕاستەوخۆی هێزەکانی دەرەکی خوێندنەوەی قوڵ و بێرمندانە پێشەوا لە وەزعی کۆمەلگای کوردستان و ناوچە چرای تەمەنی کورتی ک- ژ کوژایەوە بەلام گەلاوێژ لە گوشە نێگایکی تر دا ئەنگوت و لە پڕ دێمکرات لە دایک بو بە سێما و بون و رەنگیکی تر کە سەرەڕای تێ پڕ بوونی 65 ساڵ لە تەمەنی بە هەزار هەوراز و نەشێو دا بە سەدان تەنگ و چەلمە دا ، بە روباری خوین دا ، .... بە یک دەل لە دو لەش دا هەر وا لە لیدان دایە ! دێمکرات پاش چەند مانگ تەمەن بو بە دەسەڵات ، سەرکۆماری هەبوو

ئەو کورتە نووسینە کە پێوەندی بە (ژ – ک) وە هەیە لە وتاری شانازی بە ناوت دەکەم گەلاوێژ! لە نووسینی بیژەن قارەمانی، لە رۆژهەڵات تایمز وەرگیراوە. / ١٥ی ئووتی ٢٠١٠

## محەممەد شاپەسندی

پێموایە لە ساڵی ١٩٤٣ یەوە بوو. زۆرم هەوڵ دا ئەوسا زۆر گەنج بووم زۆرم هەوڵ ئەدا بۆ ئەندامبوون ڕێبەرانی کۆمەڵە قەبوڵیان نەدەکردم و دەیانگوت: تو هێشتا منداڵی.



لە ئاخری دا «دڵشاد ڕەسووڵی» واستەی بۆ کردم و قەبوڵیان کردم. من و باوکم بە یەک ڕۆژ سوێندمان خوارد لە ماڵی «عەلی ڕیحانی». ئەوانەی کە حوزووریان هەبوو: «عەلی ڕیحانی»، «دڵشاد ڕەسووڵی»و «عەبدولرەحمان زەبیحی» بوون. ئەو سێیانەحوزووریان هەبوو کە ئێمە سوێندمان خوارد.

لەو ساوە من خەریکی کۆڤاری نیشتمان بووم لە گەڵ زەبیحی دا. من و ئەو وەک مامۆستا و شاگرد ئیشمان کرد، چل ساڵ، چل و پێنج ساڵ پێکەوە بووین.

- ناوی نهێنیتان چیبوو؟

ـ ناوی نهێنیم (م. ش. ئازەر) بوو. واتە: محەمەد شاپەسەندی ئازەر.

ژ. ک کە ئەڵێن واتای چیە؟

ـ ژ. ک یانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. کە ئەڵێن کۆمەڵەی ژیانی کورد ئیشتبایە. هێندێک دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد ئەمەش ئیشتبایە. هێندێکیش دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان ئەمەش ئیشتبایە. چونکە دەبێ ئەمە بزانین کە میللەت دەژیتەوە نەک وڵات. ئەوە قسەی مامۆستا «ئیبراهیم ئەحمەد»ە.

- ئەی دیتنی مامۆستا زەبێحی لەم بارەیەوە چیبوو، کام ناوی پێ دروست بوو..

ـ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

ئەو کورتە نووسینە کە پێوەندی بە (ژ – ک) وە هەیە:

وتووێژێکە کە کاتی خۆی لە ١ی نیسانی ساڵی٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی، بۆ بەرنامەی (ناودارانی کورد) ی تەلەڤیزیۆنی ڕۆژتێڤی (Roj TV) کە کاک کاکشار خۆی پێشکێشی دەکا، ئامادە کراوە و نیشان دراوە. ماڵپەری گزینگ

## گۆڤاری "نیشتمان" و زمانی کوردی

هەروەك دەزانین ""نیشتمان"" ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ك وەك زمانی حاڵی ڕێکخراوەیەکی سیاسی و ناسیونالیستی بۆ پەرەپێدانی فیکرو ئامانجەکانی ژ. ك هاتە مەیدانەوە، لە سەردەم و دەورانێکی ئەنگوستەچاو، دەورانێك کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو ڕەزا شای پەهلەوی خەریکی تواندنەوەی گەلی کورد بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت تا ئەو جێیە سەرەڕۆیی و بێشەرمیی بردە پێش کە لەناو جادەکان بە ڕۆژی ڕووناك ئێڤەکی پیاوانی کوردی دەبڕی! دەیویست زمان و فەرهەنگی کوردی بسڕێتەوە، لەمەڕ کێشەی کورد هەمان ڕێگا بڕوا کە ئاتاتورکی جیرانی پێیدا ڕۆیشت.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نە تەنیا بێبەش بوون لە خوێندن بە زمانی دایك، بەڵکوو پێشیان دەگیرا لە بەجێهێنانی ڕەسم و ئادابی کوردەواریش. بمێنێتەوە کە لە هەموو ناوچەی موکریان و مەهاباد تاقە مەدرەسەیەکی ناوەندیشی لێ نەبوو و ئەو چەند قوتابێی حەزیان لە خوێندن بوو، دەبوو ڕێگای چەندین کاتژمێر بڕن و بچن بۆ ڕەزائیە. زمان و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڤە بوو، منداڵی بەستەزمانی کورد دەبوو هەر لە یەکەم ڕۆژی مەدرەسە بە زۆری لە فارسی حاڵی بێ و پێی بخوێنێ.

لە شەوەزەنگ و زستانی سارد و بەستەڵەکدا "نیشتمان" ئەم چرا ڕووناکە بوو هەڵکرا بەسەر موکریان و خەڵکی کوردستاندا. لە ماوەیەکی یەکجار کورتی ٢-٣ ساڵیدا کە لە تەمەنی یەکەم بڵاوکراوەی ژ. ك (دیاریی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورد- ١٩٤٣) و یەکەم ژمارەی (نیشتمان- جولای ١٩٤٣) گوزەرا، کۆماری کوردستانی بە هەموو دامودەزگای دەوڵەتی، ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە زمانی کوردی، مەدرەسەی کچان و کوڕان بە زمانی کوردی و چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی تری لێ هاتە بەرهەم.

کەڵە شاعیرانی وەك هێمن و هەژار لە قوتابخانەی "نیشتمان"وە بوونە شاعیری میللیی کۆماری کوردستان، شێعر و ئەدەبیاتی شاعیران و نووسەرانی "نیشتمان" بوونە هەوێنی زمان و ئەم ئەدەبیاتەی کوردی و ئەو ڕەچەڵەکە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ هەموومان پێیدا دەڕۆین.

"نیشتمان" لەم ماوە کورتەدا، جیا لە بیری کوردایەتی، توانیی خزمەتی گەورەی زمانی کوردی بکا و هەنگاوی گەلێك بەکەڵکی هاوێشت بۆ ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی. دەیان لاو و خوێندکار لە قوتابخانەی "نیشتمان" بوونە کوردیزان و مامۆستای زمانی کوردی.

سەرنج:

ئەوە ئەمجارەش دوای چاپکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە حەول و هیممەتی برایانی بنکەی ژین، نووسراوەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و تاقە ژمارەیەکی گۆڤاری "هاواری کورد" بڵاو دەکەینەوە، بەڵکوو کەلێنێکی تری کتێبخانەی کوردیمان پێ پڕ کردبێتەوە و مێژوونووسان و پسپۆڕانی مێژووی کوردستان لەبەر ڕووناکیی ئەم بەرهەمە و بەڵگە حاشاهەڵنەگراوانە حەول بدەن و بتوانن وەچەکانی ئێستا و داهاتووی گەلەکەمان لە مێژووی خۆیان ئاگادارو هۆشیار کەنەوە. لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی دۆستی خۆم کاك حەسەن قازی دەکەم لە یارمەتی و ناردنی زۆر سەرنج و هاوکاریکردنی بۆ چاپی "نیشتمان". هەروەها نابێ حەول و دڵسۆزیی کاك ئەمیر حەسەنپوورمان لەیاد بچێت بۆ ئەو کارە چڕو ئاکادیمیانەی، بۆ وەدەست خستنی ژمارەکانی "نیشتمان" و هەموو نووسراوەکانی سەردەمی ژێکاف و کۆماری کوردستان کردوویەتی. دەبێ بڵێم بەحەق هەردوو هاوڕێم لە ماندووبوونەکانی ڕاستکردنەوە و وەڕووخستنەوەی مێژووی ژێکاف و کۆمارن.

عەلی کەریمی

سلێمانی

